# وه‌ڵامێك بۆ سه‌رۆكی لیژنه‌ی لێكۆڵینه‌وه‌ی وه‌زاره‌تی ناوخۆ"

## ئه‌گه‌ر نازانن مامه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ رۆژنامه‌ی ئازاد بكه‌ن, سه‌رده‌م لێتان ده‌خوازێ كه‌فێر بن!

رۆژی ٢٠٠٤/٥/٦ له‌سایتی (kurdistanPost) هاورێی به‌رێزمان سه‌رۆكی لیژنه‌ی لێكۆڵینه‌وه‌ی وه‌زاره‌تی ناوخۆو جێگری به‌رێوه‌به‌ری ئاسایشی گشتی وه‌ڵامی راگه‌یاندنێكی (ئه‌مرۆ) ی داوه‌ته‌وه‌ سه‌باره‌ت به‌ده‌ستگیركردنی (فه‌رهاد مه‌لا حه‌سن) سه‌رنوسه‌ری رۆژنامه‌كه‌مان.

پێش هه‌مووشتێ به‌چاوی رێزه‌وه‌ كه‌سایه‌تی مامۆستا سه‌یفه‌دین هه‌ڵده‌سه‌نگێنین كه‌تێكۆشه‌رو پێشمه‌رگه‌ی دێرین‌و ئێستای میلله‌ته‌كه‌مانه‌و ره‌نگه‌ په‌یوه‌ندی هاورێیه‌تیمان له‌گه‌ڵیدا ببێته‌ فاكته‌رێكی به‌هێز كه‌ نه‌توانین به‌ئاره‌زوی خۆمان ده‌سته‌واژه‌ی (پربه‌ پێست) به‌كاربێنین بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی, به‌ڵام خۆ په‌یوه‌ندی شه‌خسی‌و براده‌رایه‌تی شتێكه‌و مه‌سه‌له‌ جدیه‌كانیش شتێكی تر.

پاش بڵاوبوونه‌وه‌ی ریپۆرتاژه‌كه‌و پێكهێنانی لیژنه‌یه‌كی لێكۆڵینه‌وه‌ له‌لایه‌ن وه‌زاره‌تی ناوخۆوه‌و ئاگاداركردنه‌وه‌مان له‌لایه‌ن لیژنه‌ی ناوبراو كه‌ هاوكاریان بكه‌ین له‌لێكۆڵینه‌وه‌ به‌ش به‌حاڵی خۆمان زۆر دڵخۆش‌و به‌خته‌وه‌ر بووین كه‌ده‌بینین ده‌سه‌ڵات گرنگی به‌ره‌خنه‌و بابه‌ته‌كانی رۆژنامه‌یه‌كی ئازاد ده‌داو له‌سه‌ر ئه‌م بنه‌مایه‌ش ده‌یه‌وێ ئیجرائات بكا, به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ واپێده‌چێ‌و هه‌موو ئاماژه‌كان ئه‌وه‌ ده‌رده‌خه‌ن كه‌به‌م ئاراسته‌یه‌ نیه‌و به‌ ئاراسته‌ی په‌رده‌پۆش كردنه‌و نزیك نیه‌ له‌ ئیجرائاتی جدی چونكه‌ ئه‌وه‌ی ئه‌ركی (ئه‌مرۆ) و سه‌رنوسه‌ره‌كه‌ی بووه‌ جێبه‌جێی كردووه‌و هه‌رچی به‌ڵگه‌نامه‌و زانیاری پێویسته‌ پێشكه‌شی لیژنه‌كه‌ كراوه‌ به‌كوردی‌و به‌كورتی وه‌ك كورد ده‌ڵێ (وه‌كو پیازێكی سپی كراو) خراوه‌ته‌ به‌رده‌ست یان ئیدی وه‌ك چۆن ئێمه‌ ئازادین چ بابه‌ت‌و كێشه‌یه‌ك بڵاوده‌كه‌ینه‌وه‌ ده‌سه‌ڵاتیش بریاری لێپێچینه‌وه‌ بریاری خۆیانه‌, له‌م حاڵه‌تانه‌شدا ماهیه‌ت‌و ناوه‌رۆكی راسته‌قینه‌ی ده‌سه‌ڵات ده‌رده‌كه‌وێ كه‌تاكو كوێ له‌گه‌ڵ دروشمه‌كانی ده‌روا, یان تاچه‌ند دروشمه‌كانی جێبه‌جێ ده‌كا؟!

به‌هه‌رحاڵ لێره‌دا دێینه‌ سه‌ر برگه‌كه‌كانی وه‌ڵامه‌كه‌ی جێگری به‌رێوه‌به‌ری ئاسایشی گشتی.

سه‌ره‌تا وه‌ڵامه‌كه‌ به‌وه‌ ده‌ست پێده‌كا كه‌هه‌ر وه‌ڵامی ئێمه‌ ناداته‌وه‌ (یه‌خه‌ی هه‌فته‌نامه‌ی هاوڵاتی)ش ده‌گرێ‌و به‌م عیباره‌ته‌ ده‌ڵێ: (هه‌واڵه‌كه‌ی هه‌ردوو لایان چه‌واشه‌كاری تێدایه‌و چه‌واشه‌كارییه‌كه‌ش باش ده‌زانن به‌چ مه‌به‌ستێك كراوه‌) یان ده‌ڵێ: (بۆیه‌ دیسان گه‌رانه‌وه‌

سـەرخووی هەمیشـەییان!!) بەراسـتی گـەر یـەکێك تۆزقالێـك شـارەزایی هـەبێ لـەبواری ڕاگەیانـدنو ڕۆژنامەگـەری دەبـێ ئـەوە بزانـێ کەهەفتەنامـەی (هـاوڵاتی) بەیاننامەیـەکیان بۆچووەو هەواڵی بەیاننامەکەیان بڵاوکردۆتەوەو هیچی تر واتا قسەی خۆیـان نـەکردووە تـا( نەك هەرئێمە )ئەوانیش چەواشەکاربنو خووی هەمیشەییان بێ..!!

بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەسـتەواژانە لەبـەلاغی عەسـکەری شـەڕەکانی نـاوخۆ ئەچـێ,!! نـەك ڕونکردنەوە..

تو ویژدانتان ئەمە چ مامەڵەکردنێکە لەگەڵ ڕۆژنامە کەسەنگەری لێبگیرێت وبەراستو چەپ تاوانباری بکەیت؟ باشە ئەگەر ڕۆژنامەیەك دەمارێکی زۆر بچوکتان بگرێت وامامەڵەی لەگەڵ دەکەن, ئەی ئەگەر شتی زۆر گەورەتر باس بکا چی پێدەکەن؟!

پێش بڵاو بوونەوەی ئەو ریپۆرتاژەی دەربەندیخان ئێمە (خووی هەمیشـەیی) مـان چیبووە؟ بۆچی پێش ئەوکاتە ئێمە ڕۆژنامە نوسی باشو ڕۆژنامـەی چـاك بـووین؟ ئـەی ئێسـتا نـاکرێ بۆمان روون بکەنەوە کە (مەبەستی ئێمەو خووی هەمیشەییمان) چییە؟!

ئەمانـە هەرهـەمووی ئیتیهـامکردنی سیاسـین بۆخۆدزینـەوە لەراسـتی ئـەو کێشـەیەی کـە (ئەمڕۆ) بڵاوی کردۆتەوەو دەیانەوێ لەم ڕێگەیەوە کێشەکە (دیزە بەدەرخۆنە) بکەن!.

باشە ئێوە ئازادن لایەنگری مەسئولەکانتان بکەن, بەڵام ئازادنین ئێمە ئیتیهام بکەن!

ئەگەر حسابیش بۆ ڕەخنەو بابەتەکانی ڕۆژنامە ناکەن, بەڵام کوێرانە ئیتهام مان مەکەن!!

مامۆستا سەیفەدینو هەموو خوێنـدوارێکی نـاو یـەکێتی نیشـتمانی بـاش دەزانـن کـەخاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەکەمان(فریاد هیرانی) ڕەخنەی توندو زۆر جاریش ڕەخنەی ڕەقـی هـەبووە بەرامبەر ئەو لایەنە سیاسیە دواکەوتوانەی کوردستان کەرەنگـە زۆربـەیان نـەیاری (یەکیـەتی نیشتمانی) یش بن باشە بۆچی کە ڕەخنە دەنووسین لەسەر نەیارەکەت ڕۆژنامەنوسی بـاشو (عەبقەرییین!)؟ ئەی کەرەخنەمان

ئاڕاستەی هەندێ وردە مەسئولی خۆت کـرد, چەواشـەکارینو خـووی هەمیشـەییمان هەیـەو مەبەستی شارەوەمان هەیە؟! ئەمە چەندی بەچەندە؟!! بەهەرحاڵ دێینە سەر مامەڵە کـردن لەگەڵ سەرنوسەری (ئەمڕۆ) هەر لەسەرەتای لێکۆڵینەوەکە (کاك فەرهاد) چەندین جار پـێی گـوتین مامەڵـەی مامۆسـتا سـەیفەدین مامەڵەیـەکی تونـدە لەگـەڵم هـەر سـەرەتای یەکـەم دانیشتنیان بەکاك فەرهادیان گوتبوو بۆئەم کێشـەیەتان بڵاوکردۆتـەوە؟ ناترسـن بتـانکوژن؟!

ئێمە خەمی ئێوەمانـە!! تـو ویـژدانتان لیژنـەی لێکۆڵینـەوە دەبـێ ئـەم قسانە بەسەرنوسـەری (ئەمرۆ) بڵێ؟

سەرباری قسەی تونـد ئێمـە کـاك فـەرهادمان هانـدەدا کەتەحـەموول بکـاو خـۆی بگونجێنێو بەڵگەنامەکان پێشکەشـی لیژنـەکە بکـا, ئـەوە بـوو هـەموو بەڵگەنامـەکان پێشکەشـی لیژنـەکـە کراو دواجـار مامۆسـتا سـەیفەدین تەلـەفونی بـۆکردین کـەبۆ چـەند پرسـیارێك کـاك فـەرهاد بنێرینـە لایو داوای یـەکێك لـە بەڵگەنامـە (C.D) یەکانیشـی کـرد, ئێمـەش کـاك فـەرهادمان ئاگـادارکردو پێمـان گـوت کاتـژمێر (٦)ی رۆژی ٢٠٠٤/٥/٣ بچێتە لای مامۆسـتاو فلانـە (C.D) یشی بۆببا ئەویش ئـەو رۆژە چووەلایو (C.D) یەکەشـی بـرد, ئـیتر تـاکو کاتـژمێر (١٠)شـەو نەمانزانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە چی بووە تـاکو لەئاسایشـی گشـتی تەلـەفون بـۆ کـاك فریـاد کراو گوتیان کاك فەرهاد لای خۆمان میوانە!!!

هەربەو شەوە کاك فریاد لـە گـەڵ بـەڕێز کـاك (عومـەری فـارس عـەزیز) بەرپرسـی ماڵپـەڕی (Kurdistannet) لەسـەر تـۆڕی ئینتـەرنێت کەئێسـتا لەهۆڵەنـدا گەڕاوەتـەوەو لەکوردسـتانە چوون بۆئاسـایشو ویسـتیان کـاك فـەرهاد ببیـنین کەبۆچـی گیـراوە, بـەڵام ئـەوەبوو رێگـەیان نـەدابوونو کـاك عومـەریش قسـەی زۆری کردبـوو گوتبـووی ئەمـە رۆژنامەنوسـە خـۆ دزو پیاوکوژ نیە تابگیرێت..!!! بۆبەیانیەکەی کـاك فریـاد خـۆی چـووە لای مامۆسـتا سـەیفەدینو تـەنیا داوای ئـەوەی کـرد کـە (٢) دەقیقـە کـاك فـەرهاد ببـینێ بزانـێ ئەوچـی ئـەڵێ لەسـەر گرتنەکەی, هەر ئەوکاتە مامۆستا پـێی گوتبـوو نەسیحەتی فـەرهاد بکـە کـەهاوکاریمان بکـاو ناوی سەرچاوەکەمان پێبڵـێ بەراسـت یـان بـەدرۆ قسـەی ئەوکەسـەمان بۆیەکلابکاتـەوە, گـەر وابکا هەر ئێستا لەگەڵ خۆت ببیە دەرەوە!

لێرەدا یەك پرسیار هەیە ئەگەر ئەوکاتـە بەئـەمری حـاکم گیـراوە چۆن مامۆسـتا سـەیفەدین دەتـوانێ ئـازادی بکا؟؟کـە بـەکاك فریـاد بلـێ هەرئێسـتا لەگـەڵ خـۆت ببیـە دەرەوە؟!! جگـە لەمـەش مامۆسـتا پـێی گوتبـوو قسـەی غەڵـەتو توندڕەویشـم بەفـەرهاد گوتـووە هەربـەو عیبارەتـە گووتبـووی کەفـەرهاد هـەر وەڵامـی نەدایـەوە (مێشـکم شـۆرتی کـرد!!) کـەکاك فەرهادیشـی بینیبـوو ئـەویش گوتبـووی مامۆسـتا جنێـوی زۆری پـێداومو زۆر ئیهانـەکراوم لەسـەر ئـەوەی کـەمن نامـەوێ نـاوی سەرچـاوەکە بڵێم ئەگـەر سەرچـاوەکە خۆیشـی لـەژێر گوشاردا وابڵێ چونکە ئـەوان دەیانـەوێ هەیبـەتی ئێمـە بشـکێننو گـەر لەسـەر زاری خۆمـان

سەرچــاوە ئاشــكرا بكــەين مەبەســتيانە رۆژنامەكــەمان مصــداقيەت لــەلای پــەيامنێرو سەرچاوەكانی لەدەستبداو ئيتر كەسی تر هاوكاريمان نەكات.
سەرچاوەكەش كـەكاك ( » » » ») بـوو لـەژێر گوشـارو ئيهانـەكردن ئيعتـرافی پیٚكرابـوو لەبـەردەم مامۆسـتا سـەيفەدينو وەفـدی سـەنديكای رۆژنامەنوسـان گـوتی مـن ئيهانـەكراومو جنێويان بەباوكم داوەو باوكم شەهيدە كەچی پیٚيان گوتووم (سەگباب)..!!
بەهەر حالٚ ئێمە رووەدەكەينە برادەری بەرێزمان مامۆستا سەيفەدينو دەلٚێين هـەقی خۆمـان نەبوو هاوارنامەيەك بلاْوبكەينەوە؟!!
كەبەرێزتان بەتانەو تەشەرو سووك تەماشاكردن وەسفی ئەو راگەياندنەی (ئەمرِۆ) دەكەن؟
ئايـا دەبـیٚ رۆژنامەيـەك سەرنوســەرەكەی بـەم شـێوەيە مامەلٚەی لەگـەلٚ بكـریٚو زينــدانيش بكریٚو كەسيش قسە نەكا؟!
دەستتان خۆش بیٚ كەرێرِەوی كێشەكەو ريپۆرتاژەكەتان بەلايەكی تردا بـرد, دەسـتتان خـۆش لەجياتی ئەوەی كەسانی رەخنەلێگیراو بخەنە بـەردەم حەقيقـەتی پێشلێكارييەكانيان ئـەوەتا رۆژنامەكە بەسەرنوسەرو سەرچاوەكانيەوە ئيهانە ئەكەن.!
دەستتان خۆشو هەربژين بۆ كوردو كوردستان.!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!

**ئەنجومەنی بەرێوەبردنی**
**دەزگای (ئەمرۆ) بۆ ئازادی رادەربرين**